میشیل فۆکۆ:

# نەرێکردنی دێوانەیی خۆی جۆرێکە لە دێوانەیی

و: لە فارسیەوە: فەردین دارا


میشیل فۆکۆ

میشیل فۆکۆ لە ساڵی ١٩٢٦ دا لە پوئاتیەی فەرەنسا لەدایکبوو. خوێندنی لە بەشی فەلسەفە تەواوکرد و لە ساڵی ١٩٥٤ کتێبی (مێژووی دێوانەیی) وەکو نامەی دکتۆرای خۆی پێشکەش کرد، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئامانجی ئەو لە خوێندن لە فەلسەفە گەیشتن بە (حەقیقەت) نەبوو، لە بنەڕەتیشدا دەستگەیشتن بە(واقعییەت) لە دیدی ئەوەوە گرنگی نەبوو، بەخوێندنی ئەم بەشە رەزامەندی بەدەستهێنا، دوای فەلسەفە بە دوای بەشی(دەروون پزیشکی)دا ڕۆیشت و لە ساڵی ١٩٥٥ کتێبێکی بەناوی (نەخۆشیە ڕۆحییەکان و کەسایەتی) بەرهەمی فیکری و لێکۆڵینەوەکانی ئەو لەم بوارەدا بوو. بەرهەمەکانی دیکەی فۆکۆ بریتین لە: (لەدایکبوونی دەرمانخانە ١٩٦٣)، (دەستەواژەکان و شتەکان ١٩٦٦)، (ئارکۆلۆژیای مەعریفە ١٩٦٩)، (چاودێری و سزا ١٩٧٥) و لە

سـالّی ١٩٧٦ نووسـینی کـتـێـبی (مـێـژووی سێکسگەرایی) دەستـپـێکرد. ئەم کـتـێـبـە چوار بەرگییە بۆ ماوەی هەشت ساڵ و تا کۆتایی ژیانی ئەوی سەرقاڵکرد و سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٨٤ لە کاتێکدا کە لەحەوێنگەیەکی دەروونیدا خەوێنرابوو، بە هۆی تووشبوون بەئایدزەوە مرد.

مـیـشـیـل فـۆکـۆ پێش ئەوەی کـە خـۆی وەک فـەیلەسـووفـێک بزانێت، خـۆی بەمـێـژوونووسـێک دەزانی کە هەوڵی لە ناسین و شرۆڤەکردنی مێژووی ڕۆژئاوا، سـەبارەت بەشـێـتـی، نەخـۆشی، زەمـان، سزادان، هێز، زانین، مـێـشـک و سێکسگەرا دەدا، بەڵام لەگـەڵ ئەمـەشـدا کـاریگەری ئەو لە پانـتـایی فەلسەفە و زماناسیدا کەمتر لە دەست ڕۆیشتویی ئەو لە پانـتـایی (مـێـژوو)دا نەبوو. ڕەخنەگـرانی بەرهەمـەکـانی فـۆکۆ ئەویان بە فـەیلەسـووفـێکی بێ ئیمان بە (حەقیقەت)ی فەلسـەفـە، زانای زانسـتـە مـرۆییـەکـان دژی مـرۆڤگەرایی، زەمـان ناسـێکی بونیـادگـەرا دژی بونیـاد، مـامـۆسـتـای مـێـژووی سیسـتـەمە فـیکرییەکان دەزانی و لەقەبی (ئافاتی کێڵگەکانی مێژوو) و (بتشکێنی مێژوو)یان بەئەو داوە.

بیـروباوەڕی نیـچـە و هـایدگـەر، کـۆڵـەگـەی هزر و پانـتـایی چالاکی فـۆکـۆ پێک دەهێنن. لەڕاسـتـیـدا فـۆکـۆ، درێژەپێـدەری ڕێگەی ئەم دوو فـەیلەسـووفـە مـەزنەیە و هەمـوو ڕەخنەگـرتنی ئەو لە دونیـای مۆدێرنە، لەم دوو فـەیلەسووفـە مەزنەوە سـەرچاوەی گرتووە کە ئەم کاریگەریە بەتەواوەتی لە نووسینەکان و بەرهەمەکانی ئەودا بینراو و هەستپێکراوە. ئەگەر بتـوانرێت کـاری ئەو تەنهـا لە یەک بابەتدا کـورت بکرێتـەوە، ئەوا شـتـێـک نیـیـە بێـجـگە لە پەیوەندییەک، کە زانین لەگەڵ هێزدا سازی دەکات و لەڕێی ئەوەوە خـۆی وەکـو تاقـانەحەقـیـقـەتی شـیـاو دەناسـێنێت. نەرێکردنی عـەقڵ و عـاقڵ یان ژیری ژیر، تەوەری سەرەکی ڕەخنەگـرتنەکانی فۆکۆ لە بیری مـۆدێرنەیە. فـۆکـۆ تەوەری سـەرەکی کـارەکـەی عـەقڵ دادەنێت لە کـاتێکدا کـە ڕەدکـەرەوەی عـەقڵ و بەدواداگەڕی عاقڵە.

ئەو بـەزمـانێکی ڕاشنـڵـیـست دەیەوێت بتـی ژیری تێک بشکێنێت. بەهۆی عـەقڵگەرایی زیادەڕەوی لە سەردەمی مۆدێرن، جیاوازی نێوان ژیر و بێ عـەقڵ، یان بەشـێـــوازێکی ڕاشکاوانەتر ژیر و دێوانە، جیاوازییەکی ئاشکرا و توندیان هەیە. لەکاتێکدا کە فۆکۆ خۆی بەستراوی ئەم جیاوازیە بوو، هەوڵی دەدا ئەم جیـاوازییـەی نێـوان عـەقڵ و شـێتی بخاتە ژێر پرسیـارەوە. فـۆکۆ بەپاڵپشتی بەدێوانەیی دەیویست کەسیـەتی ژێر ڕەدبکاتەوە، هەروەک چۆن کە مـەرگ، مرۆڤ نەفی دەکات.

لە کتێبی(مێژووی دێوانەیی)دا فۆکۆ دەڵێت: «بۆ گـەیشتن بەدوربینی هزر، دەبێت پشت لە هزر و ڕوو لە شێتی بکرێت».

لە شوێنێکی دیکەشدا هەر لەم کتێبەدا دەڵێت: " دێوانەیی واقعیەتی دەرەکی نییە، بەڵکو ئەمە تەنها بۆ حوکمدانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. "

لە کتێبی(مێژووی دێوانەیی) کە تێزی دکتۆراکەی خـۆیەتی، پیـشـانی دا کـە دێوانەیی نـوسـراوەیەکـە کـــۆمــــەڵایەتی، نـەک دەروون پزیشکـی، ئەم پەیوەندییـەی نێـوان هێـز لەگـەڵ بەشـێکی دەست نیـشـانکراو لە مـەعـریفـە لە یەک کـات و لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا شێتی پێناسە دەکات.

هەندێک لەوانەی کـە تا دوێنێ مـرۆڤگەلێکی (ئاسـایی) و (نۆرمـاڵ) دەناسـران، ئەمـڕۆکـە بەبێ ویستێکی توانمەندانەی هێز - مەعریفە، بەشێت لە قـەڵەم دەدرێن و بۆ (چارەسەر) دەگوازرێنەوە بۆ ئەو دیو دیوارەکـانی نەخۆشخـانەکـانی دەروونی. فـۆکـۆ پیشانی دا کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دێوانەکان هەروەک ئەوانیتر لە کۆمەڵگادا دەژیان و خەڵکیش لەگەڵ ئەواندا دەژیا. لەگەڵ دەسەڵاتداری مۆدێرنێتە و سـەرقـاڵبـوونی فـیکری ئەو سەبارەت بەژیریەتی،

هێز لە پەیوەندی لەگەڵ مەعریفە، دەرون پزیشکی، دێوانەکانی لە کۆمەڵگا جوداکردەوە تاوەکو زیاتر لە هەر شتێک پارێزگاری لە هێز کردبێت.

بەبۆچوونی فۆکۆ ئەمە فۆرمێکە لە زوولمکردن کە لەبەر نەبینراوی ئەو و لەبەرئەوەی، کـــە بەهۆی گوتاری پراکتیکی ئاراستە دەکرێت، لە بیری ئێمە دەردەچێت. دێوانەیی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، نەک نووسراوێکی دەروونناسیانە: هەڵسوکەوتێک کـە لە سـەردەمی (نۆرمـاڵ)دا وەردەگـیـرێت، لە سەردەمێکی تردا ناعاقڵانە و شێتانە دەبێت و تاکە کەس کە تا دوێنی ئاسایی بووە، لە کۆمەڵگا جودا و بەزیندانیکردنی لە نەخۆشخانەی دەروونیدا پرۆتستۆ دەکرێت.

بەبۆچوونی فــــۆکــــۆ دێوانەیی یان بێ هزری، رووبەکی تری هزرە کـە لە پەیوەندی نزیکی مـرۆڤ لەگـەڵ ناوەوەی خۆیدا ئەم رووەی دی، واتە شێـتی دەردەکەوێت. ئەو نیچە و ڤۆن گۆک لە نووسەران و شێوەکارانی گەورەی دێوانە و شێت دەزانێت، کە بەباشی توانیبویان پەیوەندییەکی پێکەوە گرێدراو و جـوان لەگـەڵ ناخی خـۆیاندا دروست بکەن. فـۆکـۆ بایەخێکی گەورە بۆ دێوانەیی دادەنێت و شێتییەتی بەخـاوەنی هێـزێکی سـەرسورهێنەر دەزانێت کـە لە داهاتوودا ئەم وزەیە، مرۆڤ و دونیای مۆدێرنەی ئەو لەناو دەبات.

لە بیـر و بەرهەمـەکـانی فـۆکـۆدا، (وتە - قسـە) خـاوەنی شـوێنێکی تایبـەتە. وتە بڕیاردەرە بەسـەر تێکست و زمـــاندا. وتە شـــوێنی بەرکـــەوتن و کۆبوونەوەی هێز و مەعریفەیە. هەر بەشێکی تایبەت لە مەعریفە لە هەر دەورەیەکی تایبەتیدا کۆمەڵەیەک لە یاسا پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی (قبـوڵکراو و رەدکـراو) هەیە کـە دیاری دەکـات سـەبارەت بە چ شتگەلێک دەکرێت باس بکرێت، و سەبارەت بە چ شتگەلێک ناتوانرێت باس بکرێت.

ئەم یاسا نەنووسراوانە کە فەرمانڕەوای هەر گوتار و نووسراوێکن، لە وتەی ئەو بەشەی تایبەت لە ئەو دەورەی مێـژووییەن. لە کـۆی وتەکـانی بەشـەکـان، سیـسـتـەمـێکی گـشـتی وتە دروست دەبێت، ئەم وتەیەش رێخـۆشکەری شـتـێکە کـە فـۆکـۆ ناوی لێـدەنێت (ئەپیـسـتـمـۆ) یان (رووبەندی زانایی). لەراستیدا ئەپیستمۆ کۆمەڵێک رێسان، کە زانینی هەر دەورەیەک پێکدەهێنن و بیـرکـردنەوە و ژیری مرۆڤ بەپێی ئەم سیستەمە پێکدێت. لە کۆتایشدا ئەپیـسـتـمـۆ پێکهـێنەری فـەرهەنگی وتەی هەر دەورەیەکە. کەواتە لێکۆڵینەوەی کـاریگەرییـەکـانی وتە لەژێر فـەرمـانی گـەرانەوە بۆ وێنە بەندییـەکـانی دانایییـە. ئەم گـەڕانەوەش لەرێگەی لێکۆڵینەوە وردبینانە و شـەرح کـراو و رەچەڵەک ناسـانە، واتە لەرێگەی دەستگەیشتن بە بەڵگەکانی هەر دەورەیەک کـە فـۆکـۆ ناوی لێناوە (ئەرشیـف) شیـاو دەبێت. بەبڕوای فـۆکـۆ " وتە " لە هەر دەورەیەکـدا بابەتی مەعریفە دیاردەکات، دوبارە ئەم وتەیەیە کە نووسەر دەخولقێنێت، بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی مۆدێرن کە نووسـەر و مـێشکی بیرمـەند بەخولقێنەری گـوتار دەیانزانێ.

بەپێی بیروڕای فۆکۆ (گوتار) نیشاندەری ئەندێشە و ئاگـایی قسـەبێـژ و نووسـەر و یان بەگـشـتی بەدواداگـەڕی بالا نییـە. کـارکـردەکـانی وتەیەکی تایبـەت و جـیـاواز لە هەر دەورەیەکـدا، لە هەر رووبەندییـەکی دانایییش (سـیـسـتـەمی وتە)، پێگەیەکی تایبەت بۆ نووسەر یان مێشکی بیرکەرەوە پێکدەهێنن، ئەم بەدواداگەڕە فەلسەفیەش دەکرێت،ۆ تەنهـا لە بابەتگەلێکی تایبـەتدا قسـە بکات و فـەرمـانگەلێک دەربکات، کـە بەهیچ شێـوازێک بەواتای روونکردنەوەی بیـروڕا نییـە، بەڵام وەک روونکردنەوەی بیروڕا دیاردەکەوێت. گـوتار دووبارە وتنەوەی بیـروڕا، بۆچوون و ئاگـاییـەکـانی بابەتی تایبـەت نییـە. دروست بەپێـچـەوانەوە، گـوتار ئەو شتەیە، کە لەناو خۆیدا لە یەک پەرشوبڵاوو بەوتەی

نیچە (پژان)ی بابەتی تایبەت دەردەخات، گوتار پیشان دەدات، کە بابەتی تایبەت لە چ شتگەلێک ناتوانێت بیر بکاتەوە و لە چ شتگەلێک ناتوانێت قسە بکات. ئەمەش واتای (مەرگی بابەتی تایبەت)ە. بەدوای ئەویش (مەرگی نووسەر) لە بیری فۆکۆدایە. تیۆرێک کە بۆ یەکەم جار (ڕۆلان بارت) خستیە ڕوو.

ئەندێشەی مۆدێرنەدا نووسەر، ئافرێنەر و بەدیهێنەری بەرهەمە و هەر بەرهەمێکیش بەیانگەر و نوێنەری نووسەری خۆیەتی. بەدەستەواژەیەکیدی، نووسەر لە بەرهەمەکەیدا دووبارە ئامادە دەبێتەوە و لە بەرهەمەکەیدا دووبارە دەبێتەوە. تەنانەت لە بەرهەمەکانی سوریالیسم (SURREALISME)دا، کە بەرهەمگەلێکی سەروو ڕاستین، دووبارە ئامادەبوونی مێشکی بیرمەند بابەتی تایبەتی باڵا دێنێتە بیر و بەگشتی مۆدێرنێتەکان بەدوای چەسپاندنی توانمەندی ئافرێنەر و نووسەردا بوون. لەبەرئەوەی بڕوایان وابوو کە (نووسەر) دەتوانێت خۆی لە (وتە)دا بەیان بکات. ئەمەش بەتەواوەتی هەمان خاڵی جێی تێڕامانی فۆکۆیە کە پێداگری لەسەر ڕەدکردنەوەی دەکات. لە دیدی فۆکۆوە، نووسەر ئافرێنەری بەرهەم نییە، بەڵکو ئەمە بەرهەمە کە نووسەر دەخوڵقێنێت.

بەبڕوای ئەو، وتە (ڕوونکەرەوە) نییە، تا وەکو نووسەر ئەوە بۆ ڕوونکردنەوەی بیر و بۆچوون و ئەندێشەکانی خۆی بەکار بهێنێت، بەڵکو وتە (ڕووداو)ێکە کە نووسەر بەکار دەبات و دەیخوڵقێنێت.

لە ئەندێشەی فۆکۆدا مرۆڤ کۆتایی هاتوو و شیاوی لەناو چوونە و هەبوونی بوونی ئەو سنووردار کراوە بە کات و شوێنەوە و لەم ڕووەوە مرۆڤ ئەو توانمەندیە ئافرێنەرانەی لە ئافراندنی بەرهەمێکدا نییە، تا بتوانێت لە بەرهەمەکەیدا ئامادە بێت و یان بەئامادەبوونی تێیدا دووبارە بێتەوە. لەبەر ئەمە فۆکۆ توانای مەرجەعیەتی نووسەر قبووڵ ناکات. فۆکۆ لەبری حەقیقەت و بابەتی تایبەتی خوڵقێنەر (مرۆڤ) کە ئەلمانییە تەوەرەییە مۆدێرنەکانن، نووسەرانی (وتە) و (توانمەند) و (مەعریفە) دادەنێت. ئەو نەفیکەری توانستی ئافرێنەری مرۆڤ بۆ ئافراندنی چەمکە زانستیەکان و دەرککردنی ڕاستیەکانە. کە ئەم ڕاستی و چەمکانە خۆیان لە وتەدا دەردەخەن و فۆکۆش هەوڵی دابەشکردنەوەی گوتار بەخواستنی زاتی (خودی) ئەو بگات، نەک ئەوەی کە لەڕێگەی ئەوەوە بەڕاستی بگات. لەبەرئەوەی لە بیرکردنەوەکانی فۆکۆدا گەیشتن بەحەقیقەت ڕۆڵ و گرنگیەکی نەبوو، بەپێچەوانەی هیگل-ەوە کە لەودا زمان بەیانگەری حەقیقەت بوو.

لە فەلسەفەی هیگلدا خڵی وەرچەرخانی بابەتی بەدواداگەڕ و بابەتی بەدوادا بۆگەڕاو، لە بوونی مرۆڤدایە. واتە مرۆڤ لە لایەکەوە مێشکی بەژیر و بکەری ئەندێشە دەژمێردرێت و، لە لایەکی ترەوە بابەتی ئەندێشەکانی خۆیەتی. بەواتایەکی دی لە فەرهەنگی مۆدێرنەدا، مرۆڤ هەم بابەتی مەعریفەیی و هەم شوێنی دەرکەوتنی هێزە. لە کاتێکدا لە ئەندێشەی فەلسەفەی فۆکۆدا، مرۆڤ وەکو بابەتی بەدواداگەڕ شوێنێکی نییە و گوتار و سیستەمی گوتار پێکهێنەری بابەتی تایبەتن. لە دیدی فۆکۆوە بابەتی بەدوادا بۆگەڕاو پێکهێنەری بابەتی بەدواداگەڕ و زڵ و فەرمانڕای ئەوە. (کلود لوی ئیستروس) لە کتێبی (ئەندێشە وەحشییەکان)دا دەڵێت: " ئامانجی زانستە مرۆییەکان، لەناوبردنی مرۆڤە بەدوای مەعریفەدا، نەک شێوەبەخشین بەبابەتی بەدواداگەڕی باڵا.

لە کتێبی (دەستەواژەکان و شتەکان)دا، فۆکۆ پەیوەندییەکی فەرمانڕا لەنێوان شتەکان و وشەکاندا لە سێ دەورەی مێژوویی ڕینیسانس، سەدەی کلاسیک و سەردەمی مۆدێرنە لێی دەکۆڵێتەوە، کە بابەتی شیکردنەوە لە هەر دەورەیەکدا (گوتن)ە.

بنەڕەتی (نابەردەوامی مێژوویی) و (لێک جیابوون)یش، بەتەوەری سەرەکی کتێب دەژمێردرێت. فۆکۆ لەم کتێبەدا ڕوونی دەکاتەوە کە لە سەردەمی ڕینیسانس-دا (خودا) وەکو هەبوویەکی کۆتایی نەهاتوو شوێنی دەرکەوتنی هێز بوو، ئەم هێزەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ (گوتار) گواسترایەوە، کە ئامرازی ئەم گواستنەوەیە (ژیری) مرۆڤ بوو. کەواتە ئەم توانەندیە لە (خودا)وە بۆ (مرۆڤ) و دواتر بۆ (گوتار) گواسترایەوە و ئامانجی فۆکۆش لەم پێوەرەدا ئەوەیە کە پیشان بدات: بەدرێژایی مێژوو، توانستی بابەتی بەدواداگەڕ بۆ بابەتی بەدوا دابۆگەڕاو دەگواسترێتەوە، کە ئەم گواستنەوەیە لە جێگای (وتە)دا ڕوودەدات.

فۆکۆ لە کتێبی (دەستەواژەکان و شتەکان)دا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە زمانێک کە هەیکەل و بونیادی ئەندێشەی مرۆڤ پیشاندەدات، لە سەردەمی کلاسیکیدا ڕۆڵێکی باش و بەرجەستەی هەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زانستی گوتن (علم الکلام) ڕۆڵێکی دیاری لەم سەردەمەدا هەبێت، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنەدا دەستەواژەکان توانستی ڕوونکردنەوە و شتەکان توانستی هۆهێنانەوەی خۆیانیان لەدەست دا. سەرئەنجام هێزی زمان لە دەربڕین و ڕوونکردنەوەی بابەتی بەدوادا بۆگەڕاوەکاندا لاواز بوو و زمانی سەردەمی مۆدێرنە بوو بەزمانێکی نادروست و گران، ئەمە لەو کاتەوەی کە زمان بەشێرازەی زانست و گوتن دادەنرێت، لە سەردەمی مۆدێرنەدا بەهۆی بێ بایەخ بوونی دەربڕینی زمان ئەم شێرازەیە پەرتەوازە بوو و زانستی زانستە مرۆییەکانیش لەبەریەک هەڵوەشا.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، فۆکۆ تیۆر داڕێژی هێز و توانست بوو. ڕستەی بەناوبانگی ئەو: " هێز لە هەموو جێگایەک هەیە. " لەڕاستیدا نکۆڵیکردن بوو لە تیۆرییە مارکسیستی و لیبراڵییەکان، کە هێزیان بچوک دەکردەوە بۆ سەرمایە، دەوڵەت، سیستەمی سیاسی یان شتانێکی لەم بابەتە. ئەو بەڕاشکاوانە دەیگوت، کە مەبەستی لە هێز کۆمەڵەیەک لە بونیادەکان یان دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نییە. فۆکۆ باسی لەوە دەکرد کە لە هەر شوێنێکدا کە کاروبارەکان بەئاراستەیەکی سروشتی بن، دروست لە هەمان جێگادا هێز ئامادەیی هەیە. لە دەروازەکانی یەکەم و دووەمی لە بەشی چوارەمی بەرگی یەکەمی (مێژووی سێکسگەرایی)، کە یەکێکە لە گرنگترینی توێژینەوە تیۆرییەکانی ئەو لەمەڕ هێز، فۆکۆ دەنووسێت، کە(هێز لە هەموو شوێنێکدا هەیە)، نەک لەبەرئەوەی کە هەموو شوێنێک لە لایەن هێزەوە داگیردەکرێت، بەڵکو دروست لەبەرئەوەی کە هێز لە هەموو شوێنێک سەرهەڵدەدات. بەباوەڕی فۆکۆ، هێز بەردەوام سنووردانانێکە لە بۆ ئازادی، بەم پێیە هیچ پەیوەندییەک لە دەرەوەی هێزدا نییە و تەنانەت پەیوەندییەکانی هێزیش ئازادی دەگرنەوە. هێز تەنها کاتێک تەحەمول دەکرێت، کە بتوانێت دەمامک بکات بەسەر بەشێکی گرنگی خۆیدا و سەرکەوتنیشی پەیوەستە بەتواناییەوە لە شاردنەوەی میکانیزمەکانی.

**سەرچاوەکان:**

١. بابک احمدی، حقیقت و زیبایی، نشر مرکز، ١٣٨٤، ص ١٦٢-١٧٦

٢. فوکو: أفت مزارع تأریخ، ترجمەی لیدا فخری، روزنامه ایران، شماره ٢٢٩٤

٣. میشیل فوکو که بود؟ پیمان وها زاده، سایت با شما نیستم

**سەرچاوە:**

http shkp  blogfa post- aspx. com